# سەربەخۆیی ! چۆن؟
# فێدرالیزم ! بۆ ؟

نووسینی : شەمزین جیهانی

لەم وتارە دا هەوڵ دەدرێ کە جییا لە سەر مژاری سەرەکی ، لە سەر هێندێک پرسی حاشیەیش قسە بکردرێ ، چوونکە لە ڕاستیدا ئەگەرچی زۆر پرسی سیاسی حاڵەتی حاشیەیان هەیە بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا ، گرینگی تایبەتی خۆیان هەیە کە پێویستە ئێمە کوردەکان بە ووردی بڕوانینە سەر ئەو مژارانە هەروەها سەرەتا زۆر بە کوورتی ئاوڕدانەوەیەکمان دەبێت بە سەر ڕوانگە جییاوازەکانی خەڵکی کورد و مانتالیتەی نەتەوە جییاوانەکان لە وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆ دا .

بێ گوومان بە باسکردن و هێنانەوەی دەیان فاکت دەکرێ ئەوە ئاشکرا بکردرێت کە ئاوات و خواستی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کورد ، بوونی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی کوردستانە و لەم پێناوەش دا کەم نین ئەو کەسانەی کە تەنانەت گییانیشیان بەخت کردووە ، هەروەها کەم نین ئەو فاکتانەی کە پێمان بسەلمێنن ، کە زۆر لایەن و زۆر کەسی کوردیش بوونیان هەیە کە لە ژیانیان دا ئەوەی باوەڕیان پێی نییە و یان باوەڕیان پێی نەماوە بوونی سەربەخۆیی وڵاتەکەیانە ، هەر بۆیەش ئەوەیکە سرنجڕاکێشە لە بەرِ چاو گرتنی هەر دوو لەو ڕوانگانەن و ئەوەیکە دەتوانێ گرینگیشی هەبێت ئەوەیە کە هیچ کام لەم ڕوانگانە نابێ بێ بایەخ ببیندرێن ، تەنانەت ئەگەر دوو ڕوانگەی بە تەواو لە یەک جیاوازیش بن ، لە لایەکی دیکەوە نەتەوەکانی جییاواز لە نەتەوەی کورد لە وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆیی دا ، هیچکام لەوانیش لە هەبوونی ڕوانگەی سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکانیان دوور نین و دەکرِی کە مانتالیتەی نەتەوەکانی دیکەی ناو وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆیی دا ، لە ڕوانگەی خەڵکی کورد سەبارەت بە چۆن دێفۆرمە کردن و دێسانترالە کردنی سیستم و نیزامی دەسهەڵاتداری ئەمڕۆیی وڵاتی ئێراندا تا ڕادەیەکی زۆر لە یەک نیزیک ببینین .

هەروەها لە لایەکی دیکەڕا ئەوەیکە سرنجراکێشە ، بەرنامە و پڵانی ئۆپۆزۆسیۆن و پارتە دژ بەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانن ، کە زۆربەیان لە سەر بوونی سیستمێک بە ناوی فێدڕالیزم کۆکن بەڵام لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بکردرێ کە کەم نین ئەو ئۆپۆزۆسیۆنانەی کە هەتا ئێستاش باوەڕیان بە فێدرالیزم نییە و وەکوو هێزی سەرەکی و گرینگیش بوونیشیان هەیە .

بەڵام بۆ چی لە ناو زۆربەی ئۆپۆزۆسیۆنەکانی وڵاتی ئێڕان دا ، زۆربەی ئەو لایەنانەی کە لە سەر فێدرالیزم کۆکن ، پێکهاتوو لە نەتەوەکانی جییاواز لە نەتەوەی فارسن ؟!

گەلۆ ئۆپۆزۆسیۆنە فارسەکان ، ئەوانەی کە لە سەر فێدرالیزم کۆک نین و هەروەها بە ڕووخان و نەمانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش باوەرمەندن ، ئاخۆ ئەوان چ جۆرە سیستێمێکی نوێ پێشنییار دەکەن ؟

بە باوەڕم دەکرێ چەندین حالەت هەبن بۆ شی کردنەوەیەکی ووردتر لە سەر ئەو بابەتە .

1 ) پاش نەمان و ڕووخانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ، کامە سیستێم بۆ بەڕێوەبەری و دەسەڵاتداری ئێڕانی داهاتوو ؟!

2 ) چۆن ئێرانی داهاتوو پارچە نەبێت و وەک ئێڕانی ئەمڕۆ بمندرێتەوە ؟

3 ) چۆن نەتەوەکانی دیکە بهێندرێنە سەر ئەو باوەڕەی کە ئێرانی بوونیان بەر لە ئۆرژینی ڕاستەقینەی خۆیان پێناسە بکەن ؟

لە ڕاستی دا ئەگەر لەم بابەتە وورد بیینەوە ، بۆمان دەردەکەوێت کە خاڵی هەرە مترسیدار بۆ دەسەڵاتداریەتی فارسەکان ، نەمان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێڕانە .

ئەگەر بە ووردی بڕوانییەنە سەر ئەو مژارە و ئاوڕدانەوەیەکی قووڵمان هەبێت بە سەر مێژووی وڵاتی ئێران دا ، دەبینین کە زۆر بە کۆنکرێت دەردەکەوێت ، کاتێک کە نیزامی دیکتاتۆری و تۆتالیتار و سەنتراڵگەرای " شا " تێک ڕووخا ، بێ ئەولا و ئەولا هەم ئالتێرناتیڤ و هەمیش بەرپا بوونی نیزامێکی ئیسلامی بوونی هەبوو ، کە بتوانێ وڵاتی ئێران لە پارچە بوون ڕزگار بکات و هەمیش دەرجا نیزامێکی لە پێش دیاری کراو بە کۆک بوون لە گەڵ لایەنی هەرە زۆری گەلانی ناو ئێران و لە هەمووشیان بەرچاوتر ، خوودی خەڵکی فارس ، دابمەزرێنن .

لە پارەلەلی ئەو مژارەشدا بێگوومان دەکرێ ڕوانگە و ڕۆلی وڵاتی ئامریکاش لەو کاتەدا و نەبوونی ئامریکا لە ناوچە و ڕۆژهەڵاتی ناوین دا یەکجار گرینگ و ڕۆلگرانە شی بکرێتەوە .

لە لایەکی دیکەشەوە ، پۆزێسیۆنی خەڵکەکان لە گل ئێستا جییاوازی هەبوو و هەمیش ئەکسیۆن و ئەکتیڤ بوونی ئۆپۆزێسیۆنەکان لە کاتی ڕووخانی نیزامی دیکتاتۆری " شا " دا یەکجار لاواز و بێڕەنگ بوون .

کەوابوو لێرەدا دەردەکەوێت کە بە پێی :

1 ) بەرزبوونی ئاستی هۆشیاری نەتەوەکان بە سەر ناسینی ماف و ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆیان .

2 ) بەرزبوونی داخواز و ویستی نەتەوەکان بۆ بەشداری لە دەسهەڵات و دێسانترالە کردینی حکوومەت و هەبوونی ڕۆلی بەرچاوی نەتەوەکان لە بەڕێوەبەری ئەو وڵاتەدا .

3 ) زۆر بوونی حیزب و ئۆپۆزێسیۆنی سیاسی لە ناو گشت نەتەوەکان و هەروەها لە لایەکی دیکەڕا بەرزبوونی ڕادەی تاکی ڕووناکبییری و چالاک بوونی ڕێکخراوە سێنفیەکان و ئێن جی ئۆ کان و ... .

4 ) دەوری مێدیا لە وێنەی تێلفیزیۆن و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامە و ئینتێرنێت و ... وەک یەکێک لە سەرەکیترین و گرینگترین ڕۆڵگێرەکان بۆ ڕاگەیاندینی حەموو ڕووداوێک بە نەتەوەکان .

ئەمانە و دەیان فاکتی دیکەش نیشانی دەدەن کە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران و نیزامی ئەمڕۆیی ئێڕان ، هیچ ئالتێرناتیڤێک و هیچ سیستمێکی دیکە ناتوانێ حاکمیەت بە فارسەکان بداتەوە کەوابوو مەتەرسیدارترین حاڵەتی لە لایەکەوە بۆ دەسهەڵاتداریەتی فارسەکان و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ پارچە بوونی وڵاتی ئێڕانی چێ کردووە .

لێرەدا ئەوان ، چ لە سەر فێدرالیزم هاودەنگ بن و چ هاودەنگ نەبن دیسان ئەگەری ئەو مترسیانە بە پێی ئەم بارودۆخەی کە ئاماژەی پێکرا لەوان دوور نابێتەوە.

کەوابوو ئەو ئۆپۆزێسیۆنانە لە چ ڕێگەیەکە و بە چ شێوەیەک دەتوانن تێئۆریەک دابڕێژن کە پێش بەم ئەگەرە مەترسیدارانە بگرن ؟

1 ) هەم کۆمار و هەم سیستمی بەڕێوەبەری وەک خۆی بمێنێتەوە بەڵام ئیسلام لە یاسادا ڕۆلی نەبێت و سیستمەکە لە تێئۆکرات بوون بەرەو سیستمێکی لائیک بچێت .

2 ) فێدرالیزم بوونی هەبێت بەڵام بە حاڵەتی پارەزگاری و یان فێدرالیزمی ئیداری ، نەک فێدرالیزم بە پێی جوگرافییا و نەتەوە و ...

3 ) مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران ، بەڵام بە پێک هێنانی کۆمەڵێک ڕێفۆرم .

4 ) هێنانەوەی سیستمی پێشووی سەڵتەنەتی بە فۆرم و مۆدێلی ئەمڕۆیی و یان بە شێوەی مەشرووتەی پاڕلەمانی .

5 ) هەبوونی نیزامێکی تۆتالیتار بەڵام بە تەرخان کردنی چەندین ماف و ئێمتیاز بۆ نەتەوە جیاوازەکان لە ناو ئێراندا ، وەک ئیزن دان بە خوێندن بە زمانی دایکی و تا ڕادەیەکیش بەڕێوەبەری شار و ناوچەکان بە دەستی خوودی نەتەوەکان و ئیزنی ڕاگرتن و لە ناو نەبردنی ڕەنگاوڕەنگی کلوتورە جیاوازەکان ...

6 )بە هیچ شێوەیەک و لە هیچ حالەتێک دا هۆویەتی ئێڕانی بوون لە پلەی یەکەم نەکەوێت و بە دڵنیاییەوە زمانی فارسی ، زمانی یەکگرتووی حەموو کەس و نەتەوەیەک لە ئێراندا بێت و ...

## کە وابوو فێدرالیزم ، بۆ ؟

هەروەکی پێشتر ئاماژەی پێکرا ، سەرەڕای ئەوەیکە مەیلی نەتەوەکانیتر بۆ هەبوونی سەربەخۆیی کەم نییە ، کەچی دیسان زۆرتر نەتەوەکانی جیاواز لە نەتەوەی فارسن کە لە ئێراندا پێداگریان لە سەر سیستمی فێدرالیزم ، کردووە .

لێرەشدا دەکرێ هۆکارەکان ئەوانە بن :

1 ) بێ ئەنجام گەیشتنی شەڕی چەکداری سەبارەت بە دەستخستنی سەربەخۆیی .

2 ) ڕاکێشانی سرنج و ڕای ناونەتەوەیی ، بۆ گەیشتن بە ئامانج .

3 ) دیتنی فێدرالیزم بە شێوەی تاکتیکی ، نەک بە شێوەی ستراتێژی .

4 ) دییار نەبوونی هەڵوێستی کۆنکرێتی زلهێزانی ڕۆژئاوا سەبارەت بە ئێڕان .

5 ) بەشداری کردن لە بەڕێوەبەری سەراسەری دا و بوونییان لە سەنتراڵدا .

6 ) فێدرالیزم وەک تاقی کردنەوەیەکی نوێ بۆ گەیشتن بە مەبەستی سەرەکی و خستنی ئەو سیستمە بۆ ناو ئەزموونێکی نوێیی سیاسی و دیپلۆماتی بۆ ئاکامدانەوە .

7 ) ئەگەری هەبوونی شەڕی نێوان گەلی ئازەری و نەتەوەی کورد .

8 ) لە بەر چاو گرتنی بار و دۆخی وڵاتی عێراق و هەبوونی سیستمی فێدراڵیزم لەو وڵاتەدا و هاوکات بە لەبەر چاو گرتنی دەسهەڵاتی کوردەکان لە ناو مۆدێلی فێدراڵی ئەو وڵاتەدا کە سەرەرای هەبوونی هێز و دەسهەڵاتی پێویست و ...کە چی تا ئێستاش بە شێوەیەکی فەرمی داوای سەربەخۆیی یەکجارەکیان نەکردووە .

9 ) بە هێز بوونی لابی فارسەکان لە رۆژئاوادا و پشتبەستن و خۆ بەستنەوەی نەتەوەکانی دیکە و لەم ناوەشدا بە تایبەتی نەتەوەی کورد ، بە هێز و ئۆپۆزۆسیۆنەکان ئێرانی و ...

## سەربەخۆیی لە چ ڕێگەیەکەوە؟

لەم بەشەدا زۆر بە تایبەتی لە سەر پرسی سەربەخۆیی نەتەوەی کورد ڕادەوەستین ، هەبوونی سەربەخۆ بوونی وڵاتی کوردستان خەونێکی لە مێژینەی بەشێکی هەرە زێدە لە خەڵکی کوردە ، لە پاش بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی " ئاتا توورک " و پێیماننامەی 1920 ی ناسراو بە سیفەر و دوواتریش لە ساڵی 1923 لە پێیماننامەی ناسراو بە لۆزان دا ، واتە ئەو کاتەی کە لە سەردەمی دەسهەڵاتداریەتی عووسمانییەکان ، خاکی وڵاتی کوردستان بە سەر چوار بەشدا بەشکرا ، هەر لەو کاتەوە تا ئێستا تەڤگەری ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە بزوتنەوەدا بووە و هەردەم بۆ هەبوونی دەسکەوتی مافی نەتەوایەتی و بە تایبەتی بۆ سەربەخۆکردنی نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆیان هەوڵییان داوە ، کە یەکێک لە دەسکەوتە ناسراوەکانی نەتەوەی کورد ، هەبوونی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد لە ساڵی 1946 دایە .

لە پاش ڕووخانی ئەم دەسکەوتە مێژووییە بە دەستی حکوومەتی دیکتاتۆری "شا" و پاشانیش وەگرڕخستنەوەی تەڤگەری ڕزگاری خوازی کوردەکان بۆ جارێکی دیکە لە پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران ، هەتا ئێستا سەرەڕای هەوڵی کوردەکان و بە هێزبوونی کوردەکان لە ئەزموونی سیاسی و ...
تا ئێستاش خەونی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناو وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆیی دا ، وەدی نەهاتووە .

بەڵام ئەگەر ئێمە ئاوەڕدانەوەیەکی خێرا و مێژوویی بە سەر نەتەوەی ئازەری لە وڵاتی ئێراندا بخشێنین ، دەبینین کە هەر لە کاتی دووبەش بوونی ئازەربایجان و پاشانیش دەسکەوتی ئازەریان بۆ کۆماری ئازەربایجان لە ساڵی 1944-1945 دا و تێکڕووخانی ئاواتی ئازەرییەکان بۆ هوبوونی وڵاتی سەربەخۆی ئازەربایجان ، دەبینین کە خالی هەرە هاوبەش لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی ئازەری ، هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەیان بووە و هەر ئێستاش ئەم بییر و باوەرە لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیە دا لە چاو نەتەوەکانی دیکە لە ناو وڵاتی ئێراندا بە هێزترە .

بەڵام لە لایەکی دیکەوە ، هەبوونی ڕەق و کیینەیەکی ڕادیکاڵ لە نێوان گەلی ئازەری و گەلی کوردیشدا ڕیشەیەکی قووڵی چەقاندووە و تەنانەت شیمانەی داگیرساندینی شەڕی بە هێز لە نێوان ئازەی و کورد لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکرێ .

زۆر گرینگە کە ووتە بەناو بانگەکەی ئینگلیزیەکان وەبییر خۆمان بهێنینەوە کە دەڵێ : جییاوازی بخە و بە سەریاندا دەسهەڵاتداری بکە .

لە ڕاستیدا دەسهەڵاتداریەتی فارس هەتا ئێستا لە نێوان گەلی کورد و ئازەریدا ، جییاوازی و دووژمنایەتی وە پێش خستووە و خۆشی حاکمیەت دەکات ، بەڵام ئەوەیکە سەیر و سەمەرەیە ئەوەیە کە هەم پێشگری سەرەکی کوردەکان هەمیش پێشگری سەرەکی ئازەریەکان بۆ هەبوونی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان ، ئەوا نەتەوەی فارسە ، واتە تا ئێستا هەرگییز حکوومەتی ئازەربایجان لە باکوور و هەرگییزیش حکومەتی کوردەکان لە باشوور ، هیچ ڕۆڵێکیی نێگاتیڤیان

بۆ سەربەخۆ نەبوونی  کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەریەکانیش لە باشووری ئازەربایجان دا نەبوو و ناشبێت .

بۆ باشتر ڕوونکرنەوەی ئەو پرسە ، باش وایە کە سرنج بە چەند مژار لە وێنەی زمان و کلتوور و ڕەگەز بدەین .
بۆ وێنە :
1 ) گەلۆ تا ئێستا ئازەریەک هەبووە کە ئێدعا بکات ، کوردەکان  ئازەرین ؟ و هەروەها بە پێچەوانەکەشی گەلۆ تا ئێستا کوردەکان ئەم ئێدعایەیان هەبووە؟!

2 ) گەلۆ تا ئێستا کوردێک هەبووە کە ئێدعا بکات زمانی ئازەری ، زاراوەیەک لە زمانی کوردییە ؟؟ و یان بە پێچەوانەکەی ئازەریەکان ئەم ئێدەعایە بکەن؟!

3 ) گەلۆ تا ئێستا هەبووە کە کوردەکان و ئازەریەکان  کلتووری ئازەی بە کلتووری کوردی وە یان کلتووری کوردی بە کلتووری ئازەریەکان بزاندرێت ؟!

لە ڕاستی دا وڵامی هەر سێ پرس ( نا ) یە ، چوونکینە ئەوە ڕاستیەکی ئاشکرایە کە نە هیچ پێتانسیلک هەیە بۆ هاندانی (ئەرێ بوونی وڵامەکان ) و نە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و نە هیچ شتێکی هاوبەش هەیە کە ڕێگە بەم دوو نەتەوەیە بدات کە زمانی هیچ لایەک بە زاراوەیەک لە زمانی هیچ کامییان دابندرێت و نە ئاسەمیلاسیۆنی ڕەگەزی و نە ئاسەمیلاسیۆنی کلتووری ناتوانێ لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیە لە وڵاتی ئێراندا ، ڕۆڵگر بێت .

بەڵام سەبارەت بە نەتەوەی فارس ، دەبینین کە وانییە ، چوونکینە فارسەکان ، تەواوی نەتەوەکان لە ئێراندا بە ئێرانی دەزانن و زمانی کوردیش بە زاراوەیەک لە زمانی فارسی و بگرە هەم کلتووری ئازەریەکان و هەمیش کلتووری کوردەکان بە بەشێک لە کلتووری خۆیان دەزانن .

بەڵام کێشەی نێوان نەتەوەی ئازەری و نەتەوەی کورد ، ئەگەر نە زمانە و نە کلتوور و نە ئاسەمیلاسیۆنی نەتەوەیی ، کەوابوو کێشە لە سەر چییە ؟!

ئاشکرایە کە ئەمڕۆکە بە هەزاران کیلۆمتر سنووری هاوبەش لە نێوان کوردەکان و ئازەریەکاندا هەیە ، و لە لایەکی دیکەشەوە دانیشتوانی شارەکانی لە وێنەی " ئۆرمییە ، ماکۆ ، سەڵماس ، خۆی و نەقەدە و ... " پێکهاتوو لە دانیشتوانی کورد و ئازەرین و ئەمەش حەساسیەتێکی ئەوهای چێ کردووە کە هەم ئازەریەکان و هەمیش کوردەکان ، پێداگرییان هەبێت لە سەر ئەوەیکە هەر کامییان ئەم شارانە بە هی خۆیان بزانن و لایەنەکەی دیکە بە بێگانە و داگییرکەر لەم خاکەدا بزانن ، هەڵبەت بە باوەڕم جێگەی ئاماژەیە کە ئەم کێشەیەش هەر لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی فارسەکان ، ریشەی چەقاند ، واتە کاتێک کە شارە کوردیەکان لە دابەشکردینی پارێزگاری وڵاتی ئێراندا ، بە بەشێک لە ئازەربایجان دانداران و ...
هەروەکی هەر ئێستاش وا حاکمیەتی فارسەکان و کۆماری ئێسلامی ئێرانە کە ناسیۆنالیزم و تەنانەت فاشیزمی ئازەریەکان دژ بە کوردەکان بە هێز دەکات .

## شەڕی ئازەری و کورد و هاوکات گرینگی هاوپەیمانیەتی ئەو دوو نەتەوەیە لە کاتی ( ئێستا ) دا

ئاماژە بە هۆکاری کێشە لە نێوان نەتەوەی ئازەری و کورد دا کرا و هەروەها ئاماژە بە هەبوونی ئەگەری زۆری چێ بوونی شەڕی نێوان ئەو دوو نەتەوەیە لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کرا و هاوکات باسی بە هێز بوونی ئایدیۆلۆژی هەبوونی سەربەخۆیی لە ناو هەر دوو یەک لەم نەتەوانەشدا کرا .
کەوابوو ئەگەر ووردبینەوە ، هەبوونی هاوپێیمانییەتی کوردەکان و ئازەریەکان دەتوانێ ببێتە هۆکاری :

1 ) وەدیهاتنی ئاواتی سەربەخۆیی .

2 ) پێشگرتن لە شەری نێوان کورد و ئازەری .

3 ) پارچە بوونی وڵاتی ئێڕانی ئەمڕۆیی .

4 ) نەمانی حاکمیەتی فارس و لاوازکردنی پان ئیرانیستەکان .

5 ) دوو پێتانسیەلی سەرەکی بۆ خاوکردنی پلانەکانی بە ئێرانی کردن و ئاسەمیلاسیۆنکردنی نەتەوەکانی دیکە لە ئێڕانی ئەمرۆییدا .
و ...

## چارەسەری لە چ ڕێگەیەکەوە

ئەوەیکە ئاشکرایە ، لە جیهاندا ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵدان بۆ پەرە پێدانی دێمۆکراسی و ڕۆیشتنی جیهان بەرەو گلوبالیزاسیۆن و تەنانەت بگرە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی پاسیفیکاسیۆن لە نێوان گەلانی جیهاندا ، ڕووی لە زێدە بوونە .
کەوابوو بۆ چارەسەری کێشەی نێوان گەلی کورد و ئازەری ، بە پەروەردەکردنی خەلک بۆ زانستی دێمۆکراسی و چێ کردنی ئەتمۆسفێرێک بۆ بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمێکی دێمۆکراتیک و ئازاد (وەک یەکێک لە ڕێگە چارەسەریەکان ) ، بێ هیچ ئەولاو ئەولایەک نە تەنییا ئەوەیکە هەنگاوی بەهێز بۆ سەربەخۆبوون هەڵدەهێنێتەوە بەڵکوو پێش بە ئەگەری چێ بوونی شەریش دەگرێ .

لێرەدا دوو ڕەوش دەتوانین بدەینە بەر چاوان :
ئا )
کوردەکان دەبێ سرنجی بدەن بە ئەوەیکە ، رێئاڵ پۆلێتیک ئەو ئیماژەمان پێ نیشان دەدا کە ئەمرۆکە بخوازین و نەخوازین ، لە ناو شاری ورمییەدا ، لە گەڵ دانیشتوانی کورد وا دانیشتوانی ئازەریش بوونیان هەیە و ئەگەر سەدان شەڕیش ڕوو بدات ، نە ئازەریەکان دەتوانن کوردەکان لە وورمییە دەر بکەن و نە کوردەکانیش دەتوانن ئەم شارە لە سەداسەد بە هی خۆیان بزانن ،
پارەلەلی ئەوەش دەبێ کوردەکان لە سەر ئەو بابەتەش ووشیار بن و سرنج بدەن بەوەیکە ، ئەگەرچی ئەمرۆکە دانیشتوانی ناو شاری وورمییە لە ئازەریەکانیش پێک هاتووە بەڵام رێژەی گوند و دێهاتەکانی دەوروبەری شاری وورمییە ئەوانەی کە لە نەتەوەی کورد پێک هاتووە ، چەند بەرابەری ڕێژەی ئازەریەکانە و تەنانەت گووندەکانی ئازەریەکان لە نیزیکی وورمییە دا ، ناتوانێ لە قامکەکانی یەک دەستیشدا تێپەڕ بێت . هەروەها لە ڕێفراندۆمیشدا بێ گوومان ئەوانیش مافی دەنگدانییان دەبێت و بگرە ڕۆلی گرینگییان دەبێت بە سەر مانەوەی شاری وورمییە تا ڕادەیەکی زۆر بە دەست کوردەکان .

ب )

ئەگەر لێکدانەوەیەکمان بە سەر ڕوانگەی بە پێچەوانەی ئەو تێیۆرییەدا هەبێت واتە هەم نەتەوەی ئازەری و هەم نەتەوەی کورد لە سەر شەڕکردن سوور بن و ئەگەری شەر لە ئەگەر بێتە دەرێ و بە شێوەی بڕیاری لە سەداسەد دا بوونی هەبێت ، ئا لێرەدا دیسانیش دەبێ نەتەوەی ئازەری و نەتەوەی کورد هۆشیار بن و لێرەشدا سرنج بەوە بدەین کە دەبێ بزانین ئەو شەڕە لە چ پۆزێسیۆنێکدا بکرێ ؟؟ ئەگەر بڕیار وا بێ کە هەم کوردەکان ، ئێرانی بن و هەمیش ئازەیەکان ئێرانی بن و لە وڵاتی یەکپارچەی ئێراندا وەک دوو هاو وڵاتی ئێرانی شەر بکەن و ئەو شەڕەش حەتمەن بوونی هەبێت ! کەوابوو بۆ سەرەتا بیری سەربەخۆیی بە هێز نەکەین ؟! و هەم وڵاتی کوردستان و هەم وڵاتی ئازەربایجان بە سەربەخۆیی نەگات و وەک ئازەربایجانی و کوردستانیەک ئەو شەڕە نەکەن ؟! و بۆ چی ئێرانی ئەمڕۆ لە داهاتووشدا یەکپارچە بمێنێتەوە و بۆ چی هەم ئێرانی بین و هەمیش شەڕی یەکتری بکەین ؟!

تێبینی :

* جییا لە سەربەخۆیی ، بروام بە هیچ جۆرە سیستمێکی دیکە نییە ، بەڵام بێ گوومان هەڵوێستی ڕۆژئاوا و بار ودۆخی سیاسەتی ڕێئاڵیش دەبێ لە بەرچاو بگرین بۆیە ئەگەر هەر سیستمێکی دیکەش ( بۆ وێنە فێدراڵیسم ) لە گاقی یەکەمدا باسی دێتە ئاراوە ، ئەو هەنگاوە پێویستە هەنگاوێک بێ بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی واتە سەربەخۆیی .

* بە باوەڕم هەبوونی هاوپێیمانیەتی ئێمە کوردەکان لە گەڵ نەتەوەی ئازەری ، یەکێک لە ڕێگەکانی گەیشتن بە سەربەخۆییە و هەروەها هاوپێیمانیەتی کورد و ئازەری باشترین ئالتێرناتیڤە بۆ پارچە کردنی وڵاتی ئێرانی ئەمڕۆیی .

* لە سەدا سەد لەو باوەرە دام کە وورمییە ، ماکۆ ، خۆی ، سەڵماس و ... شاری دێرینەی ئێمە کوردانن ، بەڵام دیسانیش پێداگری لە سەر ئەوە دەکەم کە

پێویستە کێشەکان لە ڕێگە چارەسەریەکی دێمۆکراتیدا چارەسەر بکرێن ، نەک بە شەر .

* هیوادارم حیزبە کوردیەکان ، بە تایبەت ئەو حیزبانەی کە باوەڕمەند بە چارەسەری کێشەی کورد لە چوارچێوەی ئێراندان ، لە هەبوونی فێدڕالیزم وەکوو تاکتیک کەڵکی لێوەربگرن .

* فێدڕالیزم بۆ ئێمە کوردان بە هیچ شێوەیەک نابێ وەک ستراتێژی ببیندرێ ، ئەگەر ئەو پرسە لە پرسپێکتیڤێکی تەواو ستراتێژی دا بزاندرێت ، هەتا هەتایە دەبێ وڵاتێک بە ناوی کوردستان لە بییر خۆمان بەرینەوە ، چوونکینە فێدرالیزم یارمەتی هەتا هەتایی دەتوانێ بدات بە ڕاگرتن و پارچە نەبوونی وڵاتی ئێران.

* ڕوانگەکانی ئەو وتارە ناتوانێ لە سەدا سەد مووتلەق بێ ، بەڵام هێنانە باسی ئەم جۆرە مژارانە ئەگەرچی دەتوانێ حەساسیەتی تایبەتی خۆی لە گەڵ بێت ، بەڵام پێیویستە ئێمە کوردەکان چاومان کراوەتر بێت و ئەو باسانەی لە وێنەی ( سیستمی داهاتووی وڵاتەکەمان و شێوازی بەڕێوەبەری و چۆن یەکگرتنی کوردەکان و چۆن پێش بە ئەگەری شەر گرتن و ... ) هەر لە ئێستاوە بهێنینە ئاراوە و هەر لە ئێستاوە لە سەر ئەو بابەتانە ڕاوەستە بکەین و هەنگاوی جیدی هەڵێنینەوە ، چوونکە ئەگەر بمانهەوێ حەموو شتێک بهێڵینەوە بۆ سبەی ڕۆژ ، ئەوا دڵنییا بن سبەی ڕۆژ ، زۆر درەنگ دەبێ .